# حوكمی پیرۆز بایی كردن له دایك بەبۆنەی رۆژی لەدایك بوونیەوە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد صالْح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی له ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تهنئة الأم بعيد ميلادها

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی پیرۆز بایی کردن لە دایک بەبۆنەی ڕۆژی لەدایک بوونیەوە

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : من گـەنجێکی مولتـەزیمم بـە ئـاینی پیرۆزی ئـیسلامـەوە، و لـەیەکێك لـە زانکۆکانی دەرەوەی ووڵات دەخوێنم، ئـایا دروستـە بـە بۆنـەی یادی لـەدایك بوونیـەوە پیرۆز بـایی لـە دایکم بکـەم، هـەرچـەند من ئـەزانم کـە دروست نییـە ئـاهـەنگێران بـەم بۆنـەیـەوە، وە سوپاس بۆ خوا من کـەسێکی زۆر چاکـەکارم لـەگـەڵ دایکمدا، لـەگـەڵ ئـەوەشدا دایکم زۆر زۆر دوورە لـە ئـاینی پیرۆزی ئـیسلامـەوە، بۆیـە من نـامـەوێت بـەهۆی تـەصـەڕوفی منـەوە دایکم زیاتر ڕاونێم لـە ئـیسلام، ئـایا ئـامۆژگاری ئێوە چییـە بۆ من ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گـەورە ومیهرەبان، وە درود و صـەڵات وسـەلام لـەسـەر محمد المصطفى وئـال وبـەیت ویار ویاوەرانـی هـەتا هـەتایـە .

ئاهەنگێران بە بۆنەی ڕۆژی لەدایك بوونەوە بە كارێكی ( بدعة ) و داهێنراو دادەنرێت، و یەكێك لەو كارانەی لە وولاٚتانی بێباوەڕەوە خزێنراوەتە ناو موسڵمانانەوە، چونكە ئاهەنگێران بە بۆنەیەكی لەم شێوەیە بە ( تشبه ) و خۆچوواندن دادەنرێت بە بێباوەڕان .

بێگومان پیرۆزبایی كردنیش لەكەسێكی تر بە بۆنەی یادی لەدایك بوونیەوە جۆرێكە بەشداری كردن وهاوكاری كردن لەسەر ئەم ( بدعة ) و كارە داهێنراوە و خۆچوواندنە بە بێباوەڕان، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ [ المائدة : ٢ ] واتا : یارمەتی و كۆمەكیی یەكتر بكەن لەسەر چاكەو خواناسی، نەكەن یارمەتی وكۆمەكی یەكتر بكەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزكار بن، چونكە بەڕاستی خوا زۆر بەتوندی تۆڵە دەسێنێت .

هەرچەندە گوێڕایەڵی كردنی دایك وباوك یەكێكە لەو كارە چاكە وباشانەی كە زۆر تەئكیدی لەسەر كراوەتەوە بەلاٚم دەبێت بزانین نابێت مرۆڤ گوێڕایەڵی دایك وباوكی بكات لە نافەرمانی و مەعصیەتی خوای گەورەدا، وەك فەرموویەتی : ﴿

وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ [ لقمان : ١٥ ] واتا : ئەگەر دایک و باوکت کۆششیان لەگەڵتا کرد، تا بەبێ هیچ بەڵگە و زانیاریەک هاوەڵ بۆ من بریار بدەییت بە قسەیان مەکە، لە دنیاشدا هاوڕێ و هاوەڵ و خزمەتگوزارێکی چاک بە بۆیان لە هەموو بارو دۆخێکدا، شوێنی ڕێبازی ئەوانە بکەوە کە بۆلای من گەڕاونەتەوە، لەوەودواو گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە، جا هەواڵتان دەدەمێ بەو کارو کردەوانەی کە دەتانکرد.

شێخ عبد الرحمن ی سەعدی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت : وا گومان نەبەیت کە گوێڕایەڵی کردنی دایك وباوك لە گوناهوتاوان و سەرپێچی کردنی خوای گەورەدا کارێکی چاك وباشە، نەخێر، چونکە ماف وهەقی پەروەردگار دەبێت پێش بخرێت بەسەر هەقی هەموو

کەسێکی تردا، وە گوێڕایەڵی هیچ مەخلوقێك ناکرێت لە مەعصیەتی خالقدا .

خوای گەورە نەیفەرمووە، ئەگەر هەوڵیاندا لەگەڵتان کە هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار بدەن بەگوێیان بکەن و گوێڕایەڵیان بن، بەڵکو فەرموویەتی : ﴿ فَلا تُطِعْهُمَا ﴾ واتا : بەگوێیان مەکەن لە هاوەڵ بڕیارداندا بۆ خوای گەورە، بەڵام چاکە کردن لەگەڵیان بە ئەخلاق و سلوکی جوان بەردەوام بن لەسەری، هەر لەبەر ئەوەیە پاستر فەرموویەتی : ﴿ وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا ﴾ لە دونیا هاوڕێ و هاوەڵ و خزمەتگوزارێکی چاك بە بۆیان، بەڵام شوێنکەوتنیان لەکاتێکدا ئەوان لەسەر بێباوەڕی و کوفر وسەرپێچی خۆیان بن، نابێت گوێڕایەڵیان بن [ تەفسیری کلام المنان شێخ عبد الرحمن السعدي لاپەڕە ٦٤٨ ] .
جا لە پێناو شوێنکەوتنی ئەو هیدایەت و ڕێنمونیەی کە لە قورئاندا هاتووە، دەبێت جەنابت بە ئەدەبێکی زۆر جوانەوە هۆکاری پیرۆزبایی نەکردن لە دایکت بۆی ڕوون بکەیتەوە، وە زۆر هەوڵ بدە هەمیشە لەو کارانەی کە سەرپێچی خوای گەورە نیین گوێڕاڵی بیت، گەورەترین چاکەیەکیش کە جەنابت ئەنجامی بدەیت لەگەڵ دایکتدا ئەوەی هەمیشە خەریکی ئەوە بیت بانگی بکەیت بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ئەحکامەکانی

ئیسلامەوە، وە زۆریش لە خوای گەورە بپاڕێیتەوە بۆی کە هیدایەتی بدات و بیخاتە سەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام، ئەمجا هەر ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر دیاریەکی بۆ بکڕە و پێشکەشی بکە، زۆر جوانیش بە ئەخلاق و ئەدەبێکی بەرزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە، تاوەکو خوای گەورە بەزەیی بێتەوە بەدڵی تۆیشدا و هیدایەتی دایکیشت بدات إن شاء اللە تعالی..

خوای گەورەش زاناترە .